# هەرئافرەتێک مارە بکرێت بە بێ مۆڵەتی وەلی ئەمرەکەی ((سەرپەرشتیارەکەی)؛ ئەوا مارەییەکەی پوچەڵە (دروست نییە

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرئافرەتێک مارە بکرێت بە بێ مۆڵەتی وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی)؛ ئەوا مارەییەکەی پوچەڵە (دروست نییە)»، عائیشە دەڵێت: سێ جار ڕستەی کۆتایی فەرموو، پاشان -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر بچێتە لای ئەوا ئافرەتەکە دەبێتە خاوەنی مارەییەکە بەهۆی ئەو سەرجێییەی ڕوویداوە، ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیان ئەوا فەرمانڕەوا دەبێتە سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) ئەو ئافرەتەی کە سەرپەرشتیاری نییە».

[صەحیحە] [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداریداوە لەوەی ئافرەت خۆی بەشوو بدات بەبێ ئیزنی سەرپەرشتیارەکانی -وەلی ئەمرەکانی-، وئەم مارەییە پوچەڵە، وسێ جار دووبارەی کردەوە، بۆ زیاتر نکۆڵی کردن لێی وپوچەڵکردنەوەی. پاشان ئەو پیاوەی بەبێ ئیزنی سەرپەرشتیارەکەی دەچێتە لای -لەگەڵی جووت دەبێت-؛ ئەوا هەموو مارەییەکە بۆ ئافرەتەکە دەبێت بەهۆی ئەو جووتبوونەوە. پاشان ئەگەر سەرپەرشتیارەکانی -وەلی ئەمرەکانی- ئافرەتەکە ناکۆك بن سەبارەت بە سەرپەرشتیاربوون لەسەر گرێبەستەکە؛ ئەوا جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بۆ ئەوەیانە کە دەستپێشخەری دەکات ئەگەر ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئافرەتەکە بکات، ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگر بێت لە بەشوودانی کچەکە -بە بێ هۆکار- ئەوا وەکو ئەوە وایە سەرپەرشتیاری نەبێت؛ بۆیە فەرمانڕەوا یان نوێنەرەکەی -وەکو دادوەر وهاوشێوەکانی- دەبن بە سەرپەرشتیاری، ئەگەرنا فەرمانڕەوا نابێتە سەرپەرشتیار ئەگەر کەسی نزیکی خۆی سەرپەرشتیاری بن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58067